# یەکتاپەرستی کلیلی بانگەوازی سەرجەم پێغەمبەرانە

[ کردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠١٠ - ١٤٣١

islamhouse.com

# ﴿ أقسام الشرك ﴾

« باللغة الكوردية »

إعداد : فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# یەکتاپەرستی کلیلی بانگەوازی سەرجەم پێغەمبەرانە

خوای گەورە ڕێزی گەورەی نا لە مرۆڤایەتی و منەتی زۆری بەسەردا کرد کاتێك کە لەهەر گەل و هۆزێك پێغەمبەرێکی لەخۆیان بۆ ناردن لەگەڵ ئەوەشدا پەڕاو و شەریعەتیش بۆ ناردن کە لەکەڵ فیطرەت و سروشتی سەلیمیاندا دەگونجا، ئەو فیطرەتەی کە لەناخەوە باوەڕی بە خودایەکی تاك و تەنهای بێ هاوەڵ هەیە، کە ئارەزووی مل کەچی بۆ ئەو زاتە دەکات ئەگەر بێتو هێزی شەڕ و نەگریسی شەیتانی نەفرین لێکراو وازی لێ بهێنێت .

کۆتا جاریش پەروەردگاری باڵادەست جارێکی تر ڕێزی گەورەی لە هەموو جیهان نایەوە ئەویش بە ڕەوانەکردن و هەڵبژاردنی محمدی کوری عەبدوڵڵا (خاتم الأنبياء ) بۆ تەواوی گرۆهی ئادەمیزاد، ئەمەش بۆ ئەوەی کۆتای بە هاتنی زنجیرەی پێغەمبەران بهێنێت و بە کامڵ بوونی بانگەواز ودینەکەشی خوای گەورە واجبی کرد لەسەر تەواوی خاوەن ئەدیان و ئەهلی کتابەکان کە باوەڕ بهێنین بەم پێغەمبەرە وغەیری باوەڕ هێنان هیچ شتێکی تر فریایان بکەوێت لە ڕۆژی دوایدا .

خۆشەویستان گومانی تێدا نیە بانگەوازی سەرجەم پێغەمبەران ( عليهم السلام) بانگەواز کردنە بووە بۆ یەکتاپەرستی و یەکخودا ناسی ودوور کەوتنەوە بووە لە هاوەڵ و شەریك بۆ خوا پڕیاردان، بەڵام ئاینی پیرۆزی ئیسلام تایبەتمەندیەکی گەورەی هەیە ئەویش ئەوەی خوای گەورە بەڵێنی داوە کە بیپارێزیت لە تەحریف و گۆڕان و دەستکاری کردنی مرۆڤەکان وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ( إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ)

{ الحجر : ٩ } واتە : بێگومان ئێمە ئەم قورئانە پیرۆزەمان ناردوەتە خوارەوە و هەر ئێمەش دەیپارێزین، بە پێچەوانەی ئاینەکانی ترەوە کە هەر هەموویان ڕووبەڕووی دەستکاریکردنی قەشە و پاپا و حاخامەکان بوونەتەوە، هەر ئەم تایبەتمەندیەشە بووە بەهێزی مانەوە وگەشەکردنی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەتەواوی جیهاندا .

ئەوەشـــی کە دەیڵێن یەکتـاپەرســـتی کلیلی بانگــەوازی ســەرجــەم پێغەمبــەران ( علیهم السلام ) بووە، ڕاستیەکە و قورئانی پیرۆز لەزۆر جێگادا باسی لێوەکردوە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو هەر لەبەر ئەم ئامانجە گەورەیەش بووە کە پێغەمبەران ( علیهم السلام ) و شوێن کەوتوانیان ڕووبەڕووی کوشتن و سزاو زیندانی و دەربەدەری بونەتەوە .

قورئانی پیرۆز لەم بارەیەوە دەفەموریێت : ( ومَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إلاَّ نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لا إِلَهَ إلاَّ أَنَا فَاعْبُدُونِ ) { الأنبياء :٢٥} واتە : ئێمە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە نەکردووە، کە وەحیمان بۆ نەناردبێت بەوەی کە: بێگومان هیچ خوایەک نیە جگە لە من و دەبێت هەر من بپەرستن .

ئەوەتانێ یەکەم پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران کە حەزرەتی نوح ( علیه السلام ) ە ڕوو لە گەلەکەی دەکات و بانگیان دەکات بۆ یەکتاپەرستی و دەفەرموێت : ( ولَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحاً إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ) { المؤمنون:٢٣} واته: بێگومان ئێمە (نووح) ی پەیامبەرمان (علیه السلام) ناردە لای هۆزەکەی خۆی، تا هۆشیاریان بکاتەوە، ئەوسا پێیگوتن: ئەی هۆزەکەم ! تەنها خوا بپەرستن؛ چونکە جگە لەو هیچ پەرستراوێکیتری راستەقینە بۆ ئێوە نیە .

هەروەهــا هود ( علیه الســلام ) هــەمان پەیـام بۆ گـەلەکەی دووبارە دەکـاتەوە : ( وإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُوداً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ أَفَلا تَتَّقُونَ ) { الأعراف:٦٥} واتە : بۆ قەومی (عاد) یش (هود ) ی برایانمان نارد (هەروەکو نوح) وتی: ئەی گەل و عەشیرەتم هەر خوا بپەرستن چونکە جگە لەو زاتە خوایەکی ترتان نیە، ئایا ئەوە لە خوا ناترسن؟!

لەبارەی بانگەوازەکەی صاڵح پێغەمبەریشەوە ( علیه السلام )، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ( وإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحاً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ

إِلَهٍ غَيْرُهُ ){ الأعراف:٧٣ } واته : بۆلای هۆزی (سەموود)یش (سالح) برای خۆیانمان

نارده لایان پێی ووتن : ئەی هۆزی من، خوا بەتاك وتەنیایی بپەرستن، چونكە جگە لەزاتي ئەو هیچ خوایەكی تری بەڕاست بۆ ئێوه نییە شیاوی پەرستن بێت .

بەڵێ گشت پەیامبەران یەك داواو، یەك مەبەستیان هەبووە، ئەویش خوا بە یەكناسین و خۆتەسلیم كردنی ئەو بووه : وەك لەسوورەتێكی تردا ئەم ئایەتە هاتووە و دووپاتی ئەوراستییە دەكاتەوەو دەفەرموێ : ( وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُوا

اللّهَ واجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ) { النحل: ٣٦ } واته : بەراستی بۆناو هەموو ئوممەت و

نەتەوەیەك لەهەموو سەردەمێكدا پەیامبەرێكمان ناردووە، بۆ ئەوە پێیان بڵێ: تەنها خوا بپەرستن و، لە ( تاغووت) و یاسا پوچەڵەكان دووربن.

بەڵێ ئەو دووخاڵە : ( یەكتاپەرستی و وەلانانی تاغووت ) كەهەر پێغەمبەرەی داویەتی بەگوێی ئوممەتەكەی خۆیدا ئەساس و بناغەی گشت ئایینەكان و ئاینی پیرۆزی ئیسلامیشە .

یەكتاپەرستی و تەوحید كلیلی بانگەوازی گشت پێغەمبەران ( علیه السلام ) بوە، هەر بەووشەی تەوحید و یەكتاپەرستیش مرۆڤ دێتە ناو ئیسلامەوە ئەویش ووشەی **( أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمد رسول الله )** یە ، دەبێت كۆتا ووشەیەكیش بێت كە لەدونیا پێی دەردەچێت چونكە پێشەوای ئایزمان محمد المصطفی ( صلی الله علیه وسلم ) لەفەرموودەیەكی صەحیحدا دەفەرموێت : ( مَنْ كانَ آخِرُ كَلامِهِ لا إلهَ إلاّ اللهُ دَخَلَ الجَنَّة ) { رواه } واته : هەركەس كۆتا ووشەی لە دونیا دەرچوونی - لا إله إلا الله - بێت دەچێتە بەهەشتەوە ، هەر ئەم ووشە گرنگە یەكەم واجب و كۆتا واجبێكیشە كە لەسەر مرۆڤ واجب كرا بێت، هەر وەك دەبینین كاتێك پیغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) موعاذی كوری جەبەل ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەنێرێت بۆ یەمەن بۆ ئەوەی بانگەوازی خەڵكەكەی بكات پێی دەفەرموێت: ( إنك تأتى قوماً أهل كتاب ، فليكن أول ما تدعوهم إليه : عبادة الله وحده ، وفي رواية: فادعهم إلى شهادة أن لا إله إلا الله ، وأني رسول الله ، فإن هم أطاعوا لذلك فأعلمهم أن الله ، عز وجل ، افترض عليهم خمس صلوات في كل يوم وليلة ، فإن هم أطاعوا

لذلك فأعلمهم أن الله تعالى ، افترض عليهم صدقة في أموالهم ، تؤخذ من أغنيائهم وتُردُّ إلى فقرائهم ، فإن هم أطاعوا لذلك فإيّاك وكرائم أموالهم ، واتق دعوة المظلوم ، فإنه ليس بينها وبين الله حجاب ) { اخرجه الشيخان } واته : تۆ ئەچیت لای گەل و هۆزێك كە ئەهلی كتابن، با یەكەم شتێك كە بانگەوازیان بۆ دەكەیت پەرستنی خوای گەورە بێت بە تاك و تەنهایی لە ڕیوایەتێكی تردا هاتوە یەكەم شتێك كە بانگیان دەكەیت بۆی شایەتومان بێت كە شایتی بدەن كە جگە لەخوای گەورە هیچ پەرستراوێكی راستەقینە نیە و شایەتیش بدەن كە من پیغەمبەری خودام، جا ئەگەر ئەوەیان كرد و گوێرایەڵی ئەوە بوون فێریان بكە و تێیان بگەیەنە كە پەروەردگار پێنج نوێژی لە شەو رۆژێكدا لەسەر فەرز كردوون، خۆ ئەگەر ئەوەشیان كرد فێریان بكە كە خوای گەورە زەكاتی لەسەر فەرز كردون لە سەروەت و سامان وماڵاتیاندا كە لە دەوڵەمەندەكانیان وەربگیرێت و بدرێتەوە بە هەژارەكانیان، خۆ ئەگەر ئەمەشیان كرد دەخیلتم خۆت بپارێزیت لەماڵ و سامانیان، وە دیسان خۆتیش بپارێزە لە دوعا ونزای كەسانی زوڵم لێكراو چونكە لەنێوان نزاو دوعای ئەوان خوای گەورەدا هیچ ڕێگریەك نیە لە گیرا بوونی .

بەم پێ یە بۆمان ڕوون بویەوە كە پێغەمبەران ( علیهم السلام ) لەبەر ئەوەی سەرچاوەی وەرگرتنی نیگا و زانیاری و فەرمانەكانیان یەك سەرچاوە بووە، هەر هەمووشیان یەك ئیلاهـ و یەك مەعبود و یەك خالقیان هەبووە، بانگەوازەكەشیان یەك بانگەواز بووە ئەویش بانگەوازی یەكتاپەرستی و دووركەوتنەوە لە تەواوی پەرستراوە دەستكردەكانی دەستی مرۆڤەكان بووە، هەر ئەم پایەمەشە كە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەفەرموودەیەكیدا باسی دەكات و دەفەرموێت : ( إن مثلي مثل الأنبياء من قبلي ، كمثل رجل بنى بيتا ، فأحسنه وأجمله إلا موضع لبنة من زاوية، فجعل الناس يطوفون به ، ويعجبون له ويقولون : هلا وضعت هذه اللبنة ؟ قال : فأنا اللبنة ، وأنا خاتم النبيين ){ رواه البخارى } .

واته : نموونەی من و نموونەی پێغەمبەرانی پێش من وەك نمونەی ئەو پیاوە وایە كە خانوویەك دروست دەكات، وپاشان زۆر بەجوانی ڕێك وپێكی دەكات جگە لە جێگای خشتێك نەبێت لە گۆشەیەكی ئەو خانوە نەبێت، خەڵكی دێن ودەڕۆن بەچوار دەوریدا دەسوڕێنەوە و زۆر سەرسام دەبن بەجوانی ئەو خانووە ودەڵێن : ئای حۆزگە جێگای ئەو خشتەش پر دەبویەوە ؟ پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : من ئەو خشتەم و من خاتم الانبیاء و كۆتا پێغەمبەرم .

ئەی خوای بەرز و باڵادەست هەروەك چۆن كلیلی یەكتاپەرستی دینەكەت فێر كردووین ئاواش كلیلی چوونە بەهەشتیشمان پێ عەطا بكەیت إن شاء الله .

**والسلام علیكم ورحمه الله وبركاته**